# رفعت حمد..ئایا پەشێو (لەدەستی دێ) توندوتیژی دژی ئافرەتان دروست بکات؟



رفعت حمد احمد

شعرێک کە لەتەمەنی من گەورەترە، شاعیرەکەش ئەوەندە گەورەیە کە دەکرێت لەدوای مردنی شێرکۆ بێکەس بە شێخی شاعیرە زندووەکان دابنرێت، زۆرجار ئەم شیعرە(لەدەستم دێ) م خوێندۆتەوە و کۆمەڵێک تێروانینی جیایان بۆ دروست کردووم کە هانیان داوم قسەی لەسەر بکەم ، بەلام رەنگە کۆمەلیک هۆکاری خودی و بابەتی بووبنە بەربەست لە قسەکردن لەسەر ئەم شیعرە ، ناوە ناوە قسەو باسی لەسەر دروست بووە ، من هەندێ جار بە کۆمێنت قسەم لەسەر کردووە ، ئەوەی رەخنەی جددیە لەم شیعرە بریتیە لە (سوکایەتی و بێرێزی بە ئافرەت) ، یەکێک دەلێ نەدەبوو هەموو ئەو نهێنیانە ئاشکرا بکا کە لەگەڵ ئەو کچە هەیبووە ، یەکێکی دی دەڵێ ئەم شیعرە لێوان لێوە لە توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت ، تەنانەت چالاکوانێک داوا لە پەشێو دەکا کە ئەم شیعرە لەناو دیوانەکەی فرێ داتە دەرەوە ! یەکێکی دی دەڵێ ئەم شیعرە ئافرەت وەک جەستە و سێکس دەبینێت ..... رەنگە رەخنەی دیکەش گیرابێت ، لەبەرامبەردا ئەوانەی وەک دەرویش عەشقی شعرەکانی پەشێون وەک ئایەت سەیری ئەم شیعرە دەکەن و بە شاکارێکی گەورەی ئەدەبی دەزانن ، شاعیر خۆیشی سەرەرای تێبینی لەسەر شیعرەکەی ئەو هەر بە کۆرپەیەکی خۆی دەزانێت و هەرگیز نایەوێ لەخۆی جیای بکاتەوە و لەماڵی دیوانەکانی دەری بکاتە دەرەوە .

بەهەر حاڵ من لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەم خوێندنەوەیەک بۆ شیعرەکە بکەم کە هەرکەس لە روانگەی خۆیەوە بیری لێبکاتەوە و هەڵیسەنگێنێت کە ئایا بۆچوونەکانی پێکاویەتی یان نا ، چونکە من دەمەوێ بەشێوەیەکی بێ لایەنانە بیخوێنمەوە بەپێی ئەو ئەزموونەی کە لەگەڵ‌ر شیعرا هەمە .

یەکەم : ناونیشانی شیعرەکە (لەدەستم دێ ) ، دەست لە کوردیدا بەزۆری بۆ دەسەلات بەکار هاتووە ، پەشێویش هەر بۆ ئەمە بەکاری هێناوە کە دەسەلاتی هەیە کۆمەڵێک کار بکات لەبەرامبەر کەسێک کە "خۆشەویستەکەیەتی" ، لەناو شیعرەکەش ٤ جاری دی دووبارەی کردۆتەوە کە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە تەواو دەسەلاتی بەسەر ئەو شتانە هەیە و دەتوانێ ئەنجامیان بدات ، ئەو دەسەلاتە بێگومان کۆمەڵگە داویەتیە تاکەکان ، کۆمەڵگە لە رێگەی داب و نەریت و ئایین و یاسا و ریسکانەوە ئەو دەسەلاتەی کە پەشێو باسی دەکات داویەتیە بە "نێر" یان "پیاو" ، واتە نەک هەر پەشێو بەڵکو هەر تاکێکی نێری کۆمەڵگە ئەو "لەدەستم دێ" یەی هەیە و دەشتوانێ پراکتیزەی بکات، بۆیە پەشێویش روو لە خۆشەویستەکەی دەکات و پێی دەڵێ منیش وەک تاکێکی کورد و کوری ئەو "شار و ولاتە "لەدەستم دێ .

دووەم : بەلأم چی لەدەست دێ ؟ پەشێو دەست دەکات بە بە باس کردنی ئەو شتانەی لەدەستی دێن و کۆمەڵگە دەسەلاتی پێداوە ، بریتیە لە کۆمەڵێک هەرەشە و رق و کینە وەک ( کاتژمێری کامەرانیت بوەستێنم ، ئەلقەی پەنجەت پێ فرێ دەم – نامەی بەختت بسووتێنم ، هەموو شتێک ئاشکرا کەم – کام شەوت گەش و رووناکە ئەو شەوی پف لەچراکەم،دڵی زاوای نووستووت رەش کەم – لەخۆشاوی شەوی پەردەتان بێبەش کەم ) ، بەکورتیەکەی پەشێو دەڵێ دەتوانم ئەگەر بۆمن نەبووی نەشهێڵم بۆ کەسێکی تربی ، ئەگەر من بەختەوەر نیم ناشهێڵم تۆش بەختەوەر بی ، ئەمەش بەشێکە لەو تۆلەیەی کە شاعیر لەبەرامبەر ئەو ناپاکیە دیخاتەروو کە لێی کراوە .

سێیەم : پەشێو بۆ سەلماندنی دەسەلاتەکەی و دڵنیاکردنەوەی بەرامبەرەکەی کە دەتوانێ ئەو کارە بکات و هەرەشەکانی جێ بەجێ بکات ، بەڵگە دەخاتەروو ، ئەو بەڵگانەی کە کۆمەڵگە بە ئاشکرابوونیان لەبەرامبەر کچان بە ئابڕووچوون ئەژماری دەکەن و سەرەنجامی خراپ و شووم تووشی کچان دەکەن لە (تەلاق و جیابوونەوە و ئازاردان و هەتا دەگاتە کوشتن یان خۆسووتاندنی ئافرەتەکە) ، لەو شتانەی کە پەشێو باسیان دەکات کە شووم و نەنگی و عەیبە لەسەر ئافرەت بەتایبەتی لەو ساتەوەختەی شیعرەکەی تێدا نوسیوە کە ساڵی ١٩٧٠ یە وەک ( نامەکان ، دیاریەکان، پێکەوە دەرچوون، دەست لێدان و بەریەک کەوتنی جەستە، ئەنجا ئەوانەی کە نامەبەر بووینە وەک گەواهی دەر) ، واتە پەشێو پێی وایە کە ئەو بەڵگانەی ئەگەر ئاشکرابن ئەوا کچەکە دەخاتە مەترسیەوە .

چوارەم :پەشێو کەمێک نەرمی دەنوێنێت و بەرەو سار بوونەوە دەچێت کاتێک ئەو "لەدەستم دێ" یەی خۆی دەخاتە ژێر پرسیارەوە و "ئەگەر" ی دەخاتە پێش و دەیکات بە " گەر بمەوێ" ، کاتێک دەڵێ :

بەڵێ گیانە

گەر بمەوێ

کاتژمێری کامەرانیت بوەستێنم

گەر بمەوێ ئەلقەی پەنجەت پێ فڕێ دەم

نامەی بەختت بسووتێنم

کەواتە لێرەدا پەشێو دەسەلاتەکانی خۆی لە هەڕەشە و رق و کینە و تۆلەکانی کەمێک سازش دەکات و وشەیەکیش بەکاردێنێ کە هۆکاری ئەو ساردبوونەوەیە ئەویش " گیانە" ئەمە واتە من هێشتا ئەو گیانەم تێدا ماوە کە لەگەلڕ ئەوەی دەسەلاتم هەیە بەلام رەنگە بەکاری نەهێنم ، "گەر بمەوێ" واتە "نامەوێ" پێچەوانەی سەرەتا کە زۆر راشکاوانە دەیگوت لەدەستم دێ و بەڵگەشم هەیە ، بەلام دیارە ئەو هەموو هەڕەشە و گوڕشانەی پەشێو تەنها بۆ دەربڕینی هەستی ناخی برینداری خۆیەتی و سوێ کردنەوەی خۆشەویستەکەیەتی کە چەندە خۆشی دەوێ بەرادەیەک کە حەز دەکات لەناوی ببات چونکە لەدەستی داوە ، بەلاِم بۆ ئەوەی تەواو خۆشەویستەکەی دلنیا بکاتەوە " بەلاِم " ێک دێنێتە ناو بابەتەکە .

پێنجەم : ئەو "بەڵام" ەی پەشێو سەر لەبەری ئەوەی لە پیشەوە باسی کردووە رەتی دەکاتەوە و لە "ئەرێ" وە دەیکاتە "نەرێ" کاتێک دەڵێ :

بەڵام ..... چبکەم

خۆشەویستیت نەهەنگێکە

خوێنی هەڵچووم دەخواتەوە

خۆشەویستیت رووبارێکە

قینی رەشم دەشواتەوە .

بەلام جبکەم ، ئەم رستەیە پەشێوی کەلەپچە کردووە و لەپەل و پۆی خستووە ، بەشێوەیەک کە ئامادە نیە هیچ لەو دەسەلاتانەی کۆمەڵگە بۆی داناوە جێبەجێ یان بکات ، هەموو دەسەلاتەکان لەکار دەخات ، بەلام چبکەم ... کە هیچ ناکەم ، بۆچی ؟ چ شتێک وا لەپەشێو دەکات کە پەشیمان بێتەوە ؟ روون و ئاشکرایە لە شیعرەکە کە ئەو شتەی وا لەپەشێو دەکات یان لەهەر تاکێکی تر دەکات یان پێویستە هەموو تاکێک لەبەر ئەم شتە واز لە ئەو هەموو "لەدەستم دێ" یانەی خۆی بێنێت بریتیە لە " خۆشەویستی" ، خۆشەویستیەکی راستەقینە ، پاک و بێگەرد، راستگۆ، پربەدڵ......هەر ئەو خۆشەویستیەیە کە دەتوانێ گۆڕان لەتاک و گۆمەڵگەدا بکات ، ئەو کاتە تاک تەندروست دەبێت کە خۆشەویستی راستەقینەی هەبوو بەرامبەر ( خودی خۆی ،ماڵ و خێزانی ، دایک و باوکی ، مامۆستا و هاوڕێکانی، خاکەکەی ، نیشتمانەکەی ، سەرۆک و بەرپرسەکانی ......) ئەو کاتە رق و کین و تۆلە و ئازارەکانی دەگۆڕێت بۆ چاوپۆشین و لێبوردن و پەرۆشی و بایەخدان .

شەشەم : پەشێو هۆکاری ئەو هەموو توڕەییەی خۆی بۆ دوو شت دەگەڕێنێتەوە ئەوانیش :

١-" خوێنی هەڵچوو " ، پەشێو لەچاوپێکەوتنێکیدا دەڵێ : کە ئەم شیعرە لەسەردەمی هەرزەیی و مێرمنداڵیەوە نووسیوە ، واتە قۆناغێک کە زۆر هەستیارە و خوێن گەرمی و هەلچوون بەسەریدا زاڵە کە زانستیش ئەو هەقیقەتەی سەلماندووە ، لەو قۆناغەدا وا باوە کە مرۆڤ هەڵچوونی بەسەردا زاڵە و زۆرجار هەڵە دەکات لە رەفتار و گوفتارەکانی ، بەتایبەتیش لە بابەتی دڵداری کە سەرەتای چوونە ناو ئەو پرۆسەیە لەو تەمەنە دەست پێ دەکات ، بۆیە مکوڕبوون و رشت بوون و منجڕی لەلایەن تاکەکەوە زۆر زیاترە لەقۆناغی تەمەنێکی دیەوە ، بەتایبەتی تریش کاتێک دڵدارەکەی لەدەست بدات یان لێی بستێنن ، وەک ئاشکراشە لە مێژووی چەند ساڵەی کۆمەڵگەی کوردی کارەساتی زۆر روویداوە لەسەر ئەم جۆرە بابەتە .

٢-قینی رەش : وەک پێشتر ئاماژەم پێدا کە سەرەنجامی ئەو پەیوەندیە شکستخواردووە لەو قۆناغەدا رقێکی رەشی لەناوبەر دروست دەکات ، کە پێی ئاساییە هەموو شتێک لەناو ببات کە بۆ ئەو نەبێت . هەرەک پەشێو وەکو تێبینیەک لەدوای ناونیشانەکە نووسیویەتی " لەساتێکدا کە مرۆڤ دەبێتە چەپکێک دەماری تورە، هۆنراوەیەکی وا لەدایک دەبێت " کە دەکرێ ئەمە لە رووی دەروونیەوە لێکدانەوەی بۆ بکرێت کە شاعیرێک کاتێک زۆر تورە دەبێت بەم جۆرە دەتوانێت خۆی بەتاڵ بکاتەوە و شیعرێکی وا لەدایک ببێت ، ئەی ئەگەر کەسەکە شاعیر نەبوو و نەیدەتوانی بەسەر رەفتارەکانی زاڵ بێت ، ئایا هەموو ئەو "لەدەستم دیێ" یانەو زیاتریش ئەنجام نادات ؟ بەڵێ بەشێوەیەک لە شێوەکان لەم شیعرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە مرۆڤ کاتێک تورە دەبێت گوفتار و رەفتاری هەڵە و سنووربەزێن ئەنجام دەدا بۆیە پێویستە کۆنترۆلڕ بکرێن ، کە پەشێو پێ ی وایە بەخۆشەویستی دەکرێ کۆنترۆلبکرێ ، کە ئەمەش دەکرێ لە کۆمەڵناسی و دەروونناسیش سودی لێ ببینرێت .

کۆتایی : پەشێو توڕە دەبێت و دەسەلاتەکانی خۆی دەخاتە روو بە پشت بەستن بە بەلگەکانیەوە بەلام لەبەر ئەو خۆشەویستیە گەورەیەی هەیەتی هیچی جێبەجێ ناکات و واز لە هەڵچوون و رق و کینەی رەشی خۆی دەهێنێت ، کە ئەمەش نەک بانگەشە نیە بۆ توندوتیژی دژی ئافرەتان بەلکو بانگەشەیە بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژی ئافرەتان ، لەجێ ی توندوتیژی چاندنی خۆشەویستیەکی راستەقینەیە .

هەولێر ٧-٨-٢٠١٦

**1 Comment** Sort by **Oldest**

Add a comment...



**Halwest Abdulkarim** · Teacher at Bawaji School

دەست و چاوت خۆشبێت مامۆستا شیکاریەکی وردو گونجاوە وەك دیارە هێشتاش هەندێك دوای ٤٧ ساڵ لێکدانەوەی کرچوکاڵی بۆدەکەن.

Like · Reply · 1 · Aug 26, 2016 4:48am



**Rafat Hamad Ahmad** · Salahaddin University-Erbil

سوپاست دەکەم بەریزم دەست خوش

Like · Reply · 1 · Sep 5, 2016 4:53pm

Facebook Comments Plugin